# فۆلكلۆر بەرهەمو دەستكەوت و بەهرەی پتر لە هەزاران ساڵی پێش ئێستایە

عمر ابراهيم

**فۆلكلور بریتی یە لە كەلەپووری هەر نەتەوەیەك لە نەتەوەكانی سەر ڕووی ئەم جیهانەدا**

واتا : ئەو كەلەپوورە رەنگاو ڕەنگەیە لە ناو باری ژیانی راستەقینەی میللەتە چەوساوەكانـــی ئـــەم جیهانەی ئێمە لە سەری ژیاوین هەلقولاوە و ڕووداوی ژیانی رۆژانەیان بووە كە لە ناو رۆلەكانی نەتەوەكەیان ڕووی داوەو هەر لە هەمان شوێنو كات بە قسەی شیرینو ڕەوانو سەر زاری رەمەكیو ووتەی پـــر سۆزو دلڕفێنەوە گێراویانەتەوە وەك لەم زار بو ئەو زارو ، لە باوك بۆ كوڕو ، لە دایك بۆ كچو ، لە خزم بۆ دراوسێو ، لە ئەم بۆ ئەو ، ئەم گێرانەوەشی بـــە شێوەی هۆنینەوە بووە یاخود بە شێوەی ئاسایی یان بە هەر شێوەیەكیتر بووبێت گێراویانەتەوە و هەتـــا كو گەیشتۆتە ئەم كاتەی كە ئیمـــەی ئێستاتیـــادا دەژین .

زۆر لە زاناكانی جیهان ئەوەیان دوو پـــات كردۆتەوەو بە كۆمەلانی خەلكیان سەلماندووە كـــە فۆلكلۆر لەگەل بوونی مرۆڤەوە هەبووە هەر بۆیەشە بیرو نەریتی كۆمەلایەتی كۆنو كەلەپووری نەتەوایەتی بەپێی پێشكەوتنی شارستانیەتیو قوناخەكانـــی مێژوویی پێشكەوتون لە هەمان كاتیشدا ئەو گەلـــە زۆر گیروگرفتو ناخۆشیو دەردو ئـــازاری بینیوە فولكلۆریش لەگەل گەشەكردنی گەلەكـــە خۆی دا ، لەسەر كەوتنی بەسەر ئازارەكانی ژیاندا پێش دەكەوێ و گەشەدەكات . جا یەكێك لـــە زاناكـــان كـــە ( ئەلكسندركراب ) ە ئەو دەلێ : فولكلۆرر زانستەكی مێژوویە ، بۆیە دەبێ ئەو زانستە بپارێزرێتو ببێ بە بەردی بناغەی ئەدەبی پێشكەوتوو لێرەدا لـــە ووتەكەی زانا ( ئەلكسندركراب ) ەوە بۆمـــان روون دەبێتو بە دیار دەكەوێت كە هەر هەولو تێكوشانێك لە پێناوی كۆ كردنەوەو لێ لێنەوەی فۆلكلۆر بدرێت هێشتا هەر كەمە و پێویستە ئـــەم كۆكردنـــەوە لێكۆلینەوانە لە ناو رۆلەكانی هەر نەتەوەیەك خۆیو نەتەوەكانی تری جیهانیش بلاوبكرێتەوە

**لێرەدا ئەم پرسیارە بەرەو ڕوومـــان دێتو ئاراستەمان دەكرێت كە دەلێ : ئایا هەتا ئێستـــا**

**هەوڵو تێکۆشان لە پێناوی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردیدا نەدراوە ئێمەش لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێین : بەڵێ تا ئێستا کـــە ڕۆشنبیران ونوسەرە دلسۆزە کوردەکانمان هەوڵو ماندووبونێکی زۆریان بۆ داوە لە پاڵ ئەم هەموو هەوڵدانەشیدا هێشتا بە مافی تەواوی خۆی نەگەیشتووەو کاسەی ئامانجی پڕ نەبووەو لە ســـەری نەڕژاوەتـــەوە .**
چونکە فۆلکلۆر بە بیروڕای من وەك رووبارێکە دێتەو لە بەرزاییەکانەوەو بەرەو خواروو دەبێتەوەو ئەگەر ئێمە فریای ئەم ئاوە نەکەوین سوودی لێ وەرنەگرین لە دەستمان دەروات ، مەبەستیشم ئەوەیە ئـــەم کەلەپوورانە لە لایەن پیرە بەساڵاچووەکان ماوەتەوەو ئەمانیش وەکو ئەم ئاوی رووبارەن گەر کۆچیان کرد ئەوە وەکوو ئاوەکە دەستمان دەڕواتو هیچ سوودیان لێ وەرناگیرێ بۆیە پێویستە زوو فریایبکەوین .

هیچ دووریش نیە هەندێك بڵێن باشە ئێمە چ سوودێك لە وتـــەی باوكو باپیرانو ئەم نـــەریتە کۆمەڵایەتییەیان وەردەگرین ، بەڵێ سودێکی ئێکجار گەورەی لێ وەردەگرین ، ڕاستە ئەو کەلەپوورە لـــە کۆنەوە وتراوەو لەســـەر ڕووداوێـــك رووی‌داوەو هاتۆتە کایەوە بەڵام ئەمڕۆش ئیمە دەتوانین ئەنجامی ئەم کارەسات زو ڕووداوانە بەســـەر باری ژیانـــی ئێستاماندا بچەسپێنن

بە مەرجێ بزوتنەوەی نوێ بخەینە ناو زمانەکەمانو کار لە پێشخستنیو گوڕینی ئەم فۆلکلۆر ، بکاتو لەگەڵ باری ئێستاماندا بگونجێت لێرەدا پرۆفیسور ( بۆرا ) : لە پەرتوکەکەی دا بەناوی ( تاقیکردنەوەی داهێنەرانە ) دەربارەی پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی نوێی شیعر هۆنەران ) و زمان دەڵێ یەکەم ئامانجـی بزوتنەوەی نوێ گۆرینی زمانە ) چونکە زمانە کۆنەکە لەبەر دەق گرتنی پەیوەندییەکانی ناوەوەو دەرەوەی ناتوانێت ناوەڕۆکە تازەکان بگرێتە خۆیو دەربـــان ببڕێ ... جا بۆ ئەوەی بەردەوام شتی تازە بەرامبەر بە گۆرانو ڕووداوە تازەکان بڵێین پێویستە هەوڵی گۆرینی زمان بدەین واتا هەوڵی جۆشدانی زمـــان بدەین (٣) بەم هەوڵـــدانو گـــۆڕینە دەتوانـــین سودێکی گەورە لە گەنجینەی نەتەوایەتی وەربگرینو ئەم کەمو کـــوڕیو ناتەواوییـــانەیان بـــە هۆی لێکۆلیەوەیەکی زانستی تازەوە چارەسەر بکەین .

**ئەمەشی شتێکی ڕوونو ئاشکرایە بۆ هەموومان ( کە نەتەوەی کورد خاوەنی گەنجینەیەکی نەتەوایەتی بە نرخو فراوانی فۆلکلۆرو ئەدەبی میللیو ئەدەبـــی کلاسیکییەوە ئەدەبیاتی هـــاودەمیش بە ڕێگـــەی بەرووپێش چووندا هەر ڕۆیشتووە زمانی کوردیش** یەکێکە لە زمانە کۆنەکانی هیندو ئەورووپی بـــەڵام **لێکۆلینەوەی زانستی ئەم ئەدەبو زمانە لە ڕادەی ئەدەبو زمانەکە خۆیدانییە (٤) هەر وەکوو بۆمـــان روونە کە فۆلکلۆر : بەرهەم ودەستکەو نیو ( بەهرەی پتر لە هەزاران ساڵی پێش ئێستایە ) (٥) تەنیـــا پەیوەندیی‌بە ویژەوە نیە ، بەڵکوو پەیوەندیی بـــە هەموو ڕوویەکی ژیانی باوو باپیرانو ئەو کەلوپەلەی کە بە کاریانهێناوە هەبووە .**

بۆیەشـــە فۆلکلۆری کوردی کراوە بە شانـــزە بەشو هەر بەش چەند لقێکی‌لێ‌ی جیا دەبێتەوە گەر خوا یارمەتیمان بداتو دەرفەتمان هـــەبێت لەبەشی دووەم بەپێی توانا لەسەر بەشێك لەم شانزە بەشە بە چەند زنجیرەیەك بڵاودەکەینەوەو چەند تیشکێکی نوێی دەخەینە سـەر بە هیوای ئەوەین لەم بارەیەوە خزمەتی وشـەی پیرۆزی کوردی بکەین .

**ئەو سەر چاوانەی بۆئـــەم باســـە سوودیان لێوەر گیراوە**

(١) نماذج التراث الشعبي الكردي . محمد توفيق وردي چاپی یەکەم ساڵی١٩٧٥ زاینیلاپەرە : ٤

(٢) گۆڤارێکی خوێند تکارانی ئامادەیی کوردستان کوڕان لە هەولێر بەناوی ( چوارچرا ) کەیەك ژمارەی لێدەرچووە ساڵـــی ١٩٧٢ ــ ١٩٧٣ زاینی .

(٣) گۆڤاری بە یان ژمارە (٤٨) ئادارو نیسانی ١٩٧٨ سامی فتاح لاپەرە : ٣١ .

(٤) ئەدەبی فۆلکلۆری کـــوردی ( لێکۆلینـــەوە ) د. عزالدين مصطفى رسول بەغـــدا ساڵـــی ١٩٧٠ ز لاپەرە : ٣

(٥) ســـەرنجیك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردەوە لە بڵاوکراوەکانی نەقابەی مامۆستایان لقی هەولێر ژمارە : (١) لاپەرە : ٩